# جۆن لۆک

ن. رامین جهانبگلو
و. لە فارسییەوە: عەتا جەماڵی

زانیارییەکانی ئێمە لەسەر وردەکارییەکانی ئەندێشەی جان لاك، تا رادەیەك زیاترە لە فەیلەسووفانی تری سەدەی هەڤدەهەمی ئەورووپا. لە پاش مردنی جان لاك، کۆمەڵێکی گەورە لە وتار و نامە بڵاونەکراوەکانی ئەو بەجێ ما ، کە کەوتە دەست ئێرڵ لاڤلیس . جیا لەو کۆمەڵەیەی لاڤلێس، هەندێ کتێبی دەستنووسی تری ئەویش لە ئەرشیفەکان دا هەبوون. ئەم کۆمەڵە وتارە لە ساڵی 1942 گوێزرایەوە بۆ کتێبخانەی ئاکسفۆرد. ئەو بەڵگەنامانەی لەپاش لاك ماونەتەوە، رەشنووسی لێکۆڵینەوەکان، بلاوکراوە، یادوارە، کتێبگەلی ژمێریاری، پێڕستی کتێبخانەکان و وەرەقەی پزیشکی لەخۆ دەگرێ. لە بارستای مەزنی پاشماوە و دەستنووسەکانی لاك دەردەکەوێ کە ئەو تا چ رادەیەك و لە چ زەمینەگەلێك دا سەرقاڵی فکرین بووە. لەوانیش دەکرێ ئاماژە بە ئەخلاق، ئەپیستمۆلۆژی، ئابووری، تیۆلۆژی و پزیشکی بکرێت. لە راستیدا، جان لاك، یەکەمین بیرمەندێکە کە زۆریەك لە پرەنسیپ و بابەتە قەبەکانی لیبرالیزمی لە کۆمەڵەیەکی پەیوەست بە یەك دا کۆ کردتۆوە.ئێستەش پێویستە ئاوڕێك لە بنەماکانی ئەندێشەی لاك بدەینەوە. لاك یش وەك هابز، مەعریفە ناس و هەروەها فەیلەسووفی سیاسییە. هەروەها خاڵی دەسپێکی لاك هەر وەك هابز، تەوەری مرۆڤ باوەریی مرۆڤ سەنتەرییە ( Anthropocentic humanism) .بەلاَم ئەنجامگیرییەکانی ئەو لەگەڵ هابز جیاوازە. چەنکە میتدی ئەندێشەی سیاسیی ئەو لە ئامۆژەکانی هابز میانەڕەوترە و بەم پێیە ئەو ئامادەتر و بە تواناترە بۆ قەبووڵ کردنی گۆڕانکاری لە ئەندێشەی خۆی دا. بە چاو خشاندنێك بەسەر "وتارێك لەمەڕ دەرکی مرۆیی" کە لە راستیدا بە شاکار ئەپستمۆلژیکیی ئەو دەژمێردرێ دەتوانرێ هەندێ خاڵی هاوبەش و هەڵگری هەڵسەنگاندنی زۆر لە نێوان ئەو و هابز دا دەستکەوێت. لاك و هابز لە تەڤاهییە سروشت باوەڕانەکان دا بە نیسبەت مرۆڤ و جیهانەوە، گەلێك بۆچوونی هاوبەشیان هەیە. هەردوکیان لەو رایەدان کە مرۆڤایەتی، خۆی خاوەنداری جیهانی خۆیەتی. لە لای لاك، مرۆڤەکان وەك لاپەڕەیەکی سپی و دەست لێنەدراو و بەتاڵ لە زانست دێنە دنیاوە. ئەوان هیچ زانیارییەکی دەروونی و شهوودییان نییە. هەر شتێك کە دەیزانن لە رێگەی بینینەوە، کە ئەزموون ی پێ دەگوترێ بەدەستی دێنن بەم پێیە، لەوێوە کە ئەزموونەکانی ئێمە بەرتەسکن، مەعریفەی ئێمەش بەرتەسکە. مەعریفەی ئێمە هیچکات کامڵ ە رەها نابێ. کە واتا، ئەمەیە کە لە رێگەی توێژینەوەی سروشت و ئاوەز و بە یارمەتی زانست دەتوانین بەسەر جیهانەکەمان دا زاڵ بین و دەرك و تێگەیشتن لە جیهان بەدەست بێنین. لاك، هەروەك ئەرەستوو، فەلسەفەی خۆی بە هەستێك لە سەرسووڕمان و ئاگاهی بەسەر نەزانیی خۆیدا، دەست پێدەکات. لەو رووەوە کە مرۆڤ لە پرسیار کردن لە پرسەکان ، ولاَمێك بە زمانی خۆی وەردەگرێت کەواتا پرسیارەکانی ئەو بەرادەی پێویستیی ئەو بۆ ژیان کردن لە جیهاندان.

لاك دەڵێ: کاری ئێمە لێرە ناسینی هەموو شتەکان نییە، بەڵکوو ناسینی ئەو شتانەیە کە بەکارمان دێن. ئەگەر ئێمە بتوانین هەندێ پێوەر بدۆزینەوە کە لە رێگەی ئەوانەوە، بوونەوەرێکی ئاوەزمەند لە دۆخێکی چەشنی ئەو دۆخەدا کە مرۆڤ لەم جیهانەدا تیایدایە، بتوانێ باوەڕ و کارەکانی خۆی لەسەر ئەو بنەمایە سامان بدات، لەم حاڵەتەدا پێویست ناکا بەوە نیگەران بین کە شتانی تر لە حەوزەی مەعریفەی ئێمەدا ناگونجێن. بە گوتەیەکی تر، رشنگەری، لە راستیدا جیاکردنەوەی نێوان ناس هەڵگر و ناس هەڵنەگرە.

خاڵی ەرنج راکێش سەبارەت بە لاك ئەوەیە کە ئەو، ئاگاهانە بەشوێن دۆزینەوەی خاڵێکی دەسپێکی نوێوەیە لە مەعریفە ناسی دا. بەم پێیە هیچ هەوڵێك نادات بۆ نیشاندانی پێوەندی و درێژکردنەوەی رێسەی ئەندێشەکانی پێش مۆدێرن دا. بەم حاڵە، دەتوانرێ لە چوارچێوەی فەلسەفەی لاکی دا چەمکگەلێك لە ئەندێشەی ئەخلاقییە ethical پێش مۆدێڕنەکان، وەك چەمکی یاسای سروشتی دسکەوێت.

به بۆچوونی لاك، "یاسای سروشتی" یاسایەكە لەژێر تیشكی سروشت دا واتا، بەبێ یارمەتیی ئاوەز ناس دەكرێت.
لە روانگەی لاك دا، پەیوەندییەكانی مرۆڤ لەگەڵ سروشت دا زۆر ئاڵۆزە. چونكە لە بازنەی كاروباری دەسەڵات خوازی و دەسەڵات وەرگریدان. بەم شێوەیە، مرۆڤ وەك بوونەوەرێكی زیندو، لە لایەن سروشتەوە شوێنگەكەی دیاری دەكرێت بەڵام مە دەرفەتەی هەیە كە لە رێگەی بەكاربردنی ئاوەزی خۆیەوە، زاڵ بێت بەسەر دۆخە دیاریكراوەكان دا. لاك ئەم دەرفەتە بە "دیاریی سروشت" ناودێر دەكات. ئەم هەل و مەرجە ئەوە دەخوازێ كە مرۆڤ بزانێ بەشێكە لە سروشت، بەڵام بە تەنیا ناتوانێ دەرك بە كردار و كاری خۆی بكات. ئەمەبەو مانایەیە كە ئاوەز لە روانگەی لاك دا، تایبەتمەندیی مرۆیی جیاكردنەوە و جیاوازی كردنە، بەڵام لەم روانگەیەوە، زۆرینەی مرۆڤەكان لە سەردەمەكانی پێش سەردەمی ئەو دا زۆر بە كەمی سوودیان لێ وەرگرتووە. بەم پێیە، سەردەمی شیاوی ئاوەزی نوێ دەستی پێكردووە. ئەم ئەنجامگیرییە لاك هیوادار دەكات كە بە مەبەستی پشتگیری لە پرەنسیپە ئاوەزییەكان لە سیاسەت دا بیر لە ئامۆژگاریی مرۆڤ بكاتەوە.
بە بۆچوونی لاك، زۆرینەی حكوومەتەكان لە سەردەمە جۆراوجۆرەكان دا لەسەر بنەمای هەڵە و بێ ئاوەزی بنیات نراون. لاك هەوڵ دەدات بۆ دەروەستیی سیاسی obligation بنەمایەكی زانستی دامەزرێنێ. لەم رووەوە، بەم پرسیارەوە دەست پێدەكات: " لەبەرچی حكوومەت بوونی هەیە؟ "و دەگاتە ئەم ئەنجامە كە دەبێ كاتێك بێتە بوون كە لەوێدا، هیچ حكوومەتێك لەسەر زەوی لە ئارادا نەبووە. ئاشكرایە كە مرۆڤەكان و كۆمەڵگا سیاسییەكان لە " دۆخی هەرج و مەرج " و یان ئەوەیكە لاك لە پاش هابز بە " دۆخی سروشتی " ناوی دەبات، نەدەژیان. لاك وەك هابز لەسەر ئەو رایەیە كە حكوومەتەكان نەیاندەتوانی مافێك و دەسەڵاتێكی زیاتر لەوەیان هەبێت كە بەندە و فەرمانبەرەكانیان پێیان دابوون و بەم پێیە حكوومەتەكان لە لایەنی ماف و دەسەڵاتەوە لەگەڵ ئەو كەسانەی كە لە "دۆخی سروشتی" دا دەژیان، یەكسان و بەرابەر بوون. بەڵام بچوونی لاك لە دۆخی سروشتی زر گەشبینانەترە لە هابز:

1. لاك بە پێچەوانەی هابز لەم باوەڕەدایە كە یاسایەكی زاتی و رەسەنی حاكم بەسەر رەفتارەكان لە دۆخی سروشتی دا هەیە.
2. لاك پێی وا نییە ململانێیەكی بێ چارەسەر حاكمە لە نێوان تاكەكان و بەرژەوەندی مرۆڤەكان لە دۆخی سروشتی دا. لاك گرینگایەتیی هەندێ بابەتی دەروونی وەك، لووت بەرزی و شانازی و خۆ پەرستی رەت ناكاتەوە، بەڵام بە پێچەوانەی هابز گرینگی كرۆكیی پێنادات.
3. چەمكی دۆخی سروشتی بە بۆچوونی هابز دەرخەری رەفتاری پراكتیكیی خەڵكە لەو دۆخەدا، هەرچەندە كە ئەم دۆخە حاڵەتێكی زەینی و وێنایی هەبێت. بەڵام بە بۆچوونی لاك، دۆخی سروشتی مۆدیلی رەفتاری پراكتیكی نییە. بەڵكوو بە پێچەوانە، اماژە بە رێساگەلێك دەكات كە مرۆڤەكان كاتێك كە هێشتا نەهاتونەتە ناو پەیمانێكی كۆمەلایەتییەوە، لە لایەنی ئەخلاقییەوە دەروەستن بە پەیڕەوی كردن لێیان. بەم پێیە، چەمكیدۆخی سروشتی ە بۆچوونی لاك دا، لە راستیدا ئەخلاقی بەر لە مێژوویە. بەڵام بە بۆچوونی هابز، دۆخی سروشتی تەواو تایبەتمەندییەكی پراكتیكی رەفتاریی هەیە. ەمە بەم مانایەیە كە بە بۆچوونی لاك، مرۆڤەكان تەنانەت لە دخی سروشتی دا، لە لایەنی ئەخلاقییەوە بۆ پاراستن و مانەوەی خۆیان و دیتران پەیوەستن بە یاسایەكی رەسەن و خوداوەندییەوە. بە گوتەیەكی تر، تاكەكان لە دۆخی سروشتی دا دەتوانن جیای بكەنەوە كە چ شتێك هی ئەوانە و چ شتێك هی ئەوانی ترە. چونكە خاوەنداری بە بۆچوونی لاك تەنیا بنەمایەكی سروشتیی هەیە. كە واتا، دۆخی سروشتی لە فەلسفەی لاك دا، هەرێمی ململانێ و بەربەرەكانێ نییە، بەڵكوو فەزای هاوكاری و هاوبەشی كردنە.

بەڵام دۆخی سروشتی خۆی هەندێ گرفتی هەیە. بۆچی؟ چونكە مرۆڤەكان هەم سەربەستن هەم بەرابەریشن، و لە هەمان كات دا، كاروباری مرۆیی پڕ كێشە و نامسۆگەرە. چونكە دەسەڵاتێكی سیاسی نییە كە چاودێری بەسەر كاروبارەكانی یاسای سروشتی دا بكات و هەر مرۆڤێك بە جیا راڤەیەكی لێی هەیە و خۆی بە جێ بە جێ كاری یاسای سروشتی دادەنێ. بە واتایەكی روونتر، دۆحی سروشتی سێ نارەسایی و كەمایەسیی بنەڕەتی هەیە:

1. تاكەكان توانایی پێویستیان بۆ دەستەبەر كردنی مافەكانی خۆیان نییە.

2. یاسای حاکم بەسەر ئەواندا لەوە سادەترە کە بتوانێ کۆتایی بە ململانێکان بێنێ.
3. تاکەکان زۆرجاران دادوەرییەکی دروستیان لە کارەکانی خۆیاندا نییە.

بەم پێیە هەموو کێشەی سیاسەت لێرەدا کورت دەبێتە کە حکوومەت دەبێ نوانستی جێ بە جێ کاریی کاریگەر و بەرحەقیی هەمەگیری هەبێت. چەمکی بنەمایی لاك بۆ حکوومەت، رەزایەتە. لە روانگەی لاك دا حکوومەت دەبێ لەسەر بنەمای رەزایەت دابمەزرێت.

لاك لەو باوەڕەدایە کە هیچ مرۆڤێك وەك خۆی و بە شێوەی زاتی دەست بەسەر و بەندەی دەسەلاتی سیاسیی مرۆڤێکی تر و یان گرووپێکی تر نییە. لێرەوە، لاك دەگاتە ئەو ئەنجامە کە حاکمییەتی سیاسی تەنیا دەتوانێ کە لەسەر ئەساسی رەزایەتی کەسانێك پێك بێت کە بە ملکەچ و پەیڕەوی ئەو دەژمێردرێن. لاك پێی زیاتر دادەگرێت و دەڵێ تەنیا کەسانێك کە رازین بە پێکهاتنی حاکمییەتێکی سیاسی، بە ئەندام و ملکەچی ئەو دەژمێردرێن.

ئەم بۆچوونەی لاك، لە نووسراوەی ژێرەوەدا کە لە " دوو وتار سەبارەت بە حکوومەت" دا هاتووە ( بەشی نەوەد و پێنج )، بە روونی دەردەکەوێ:

" مرۆڤەکان، وەك خۆیان هەموو ئازادن، یەکسان و سەربەستن. ناشێ هیچ کەسێك بە کەسی دەرەوەی ئەم مەرجانە بزانرێت و یان بێ ئەوەی رازی بێت بە پەیڕەوی دەسەلاتی کەسێکی تر دابنرێت. تەنیا رێگەیەك کە کەسێك خۆی لە ئازادی جیا کاتەوە یان خۆی بخاتە بازنەی ئازادییەکی شارستانییەوە، رێگەی دیالۆگ و وت و وێژە لەگەڵ دیتران دا بۆ تێکەڵ بوون و یەکگرتن لە ناو کۆمەڵێك دا، ئەویش بۆ مەبەستی ئاسایش، ئارامی و ژیانی ئاشتییانە لەگەڵ یەکدی و لە دۆخێکی ئاسوودە دا بۆ سوود وەرگرتن لە دارایییەکانی خۆیان و دۆخێکی پڕ ئاسایش تر بۆ کەسانێك کە لەگەڵ ئەوان دا نین."

بەم پێیە، لاك دەیهەوێ بڵێ کەسانێك کە لە دامەزراوەی حکوومەتێك رازی نین، بەندە و فەرمانبەری ئەو نین، تەنانەت ئەگەر لە چوارچێوەی هەمان دەسەلات دا و لە ناو کەسانێك دا بژی کە رەزایەتیان داوە بەو حکوومەتە. ئەم بۆچوونەی لاك بە تەواوی پێچەوانەی بۆچوونی هابزە لەم زەمینەیە دا.

لەروانگەی هۆبزدا، دەروەستیی بنەڕەتیی سروشتیی هەرکەسێک، بریتییە لە کرداری رکابەرانەی ئەو بۆ مانەوەی خۆی. بەڵام ئەو دەروەستییە، ناتوانێ ئەوەندە کاریگەر بێت کە مرۆڤەکان هەمیشە لە دۆخی سروشتیدا بهێڵێتەوە. کەواتا هەرکەسیک دەروەستییەکی سروشتیی هەیە بۆ بەئەندامبوون لە بەرژەوەندییە گشتی و هاوبەشەکان و هەروەها پەیڕەویکردن لە فەرمانەکانی حاکمییەتدا. بەگوتەیەکی تر بەبۆچوونی هۆبز، رەزامەندی شتێکە بەزۆر بەدەست دەهێنریت و هەمووکەس بە سروشتی ناچارە بە پەیڕەوی لە دەسەڵاتی سیاسی. هەروەک دەزانین، هۆبز ئەو چەمکی دەروەستیی تاکەکان ومافی حاکمییەتەی لە واتایەکی ***خودتەوەرانە*** egoistic لە یاسای سروشتیدا و روانینێکی سروشتگەرایانە بۆ مافی سروشتی، وەرگرتووە.

لۆک بە پێچەوانەی هۆبز، جەخت لەسەر ئەم راستییە دەکات کە مرۆڤ بە مافی ئازادی و یەکسانی و سەربەستییەوە لەدایک دەبێت. بەم پێیە، هەر تاکێک دەبێ ئازادانە رازی بێت بە ملکەچبوون و پەیڕەوی لە حکوومەتێک. تەنیا رەزامەندییە کە دەتوانێت مرۆڤێک بکاتە ئەندامی کۆمەڵگایەک و تەنیا لەم رێگەیەوەیە، بەڵێنی پەیڕەوی و قەبووڵکردنی یاسا، دەچەسپێت. تەنیا رەزامەندی دەتوانێ مرۆڤێک لە رووی ئەخلاقییەوە دەروەست بکات بەوەیکە هێزی خۆی پەیوەست بکات بە هێزی دەسەڵات و جێبەجێکاریی هاوبەشەوە. بەم پێیە، تاک بەو رەزایەتەی کە هەیەتی بۆ بەئەندامبوون لە کۆمەڵگادا، بە شێوەی ئۆتۆماتیکی بە زۆرینەی بڕیارەکانی کۆمەڵگاش رازی دەبێت.

ئێستە بەرلەوەی بچینە سەر چەمکی ***زۆرینە***، پێویستە جارێکی تر بگەڕێینەوە سەر چەمکی "رەزامەندی" لە هزری لۆک دا. هەروەک گوترا، "رەزامەندی" بە بۆچوونی لۆک مەرجێکی پێویستە بۆ شەرعییەتی هەر حکوومەتێک کە لەلایەن مرۆڤەوە لە دۆخی سروشتیدا دامەزرابێت. ئەگەر رەزایەتێکی لەم چەشنە لەلای مرۆڤ لەدۆخی سروشتیدا نەبێت، ئەوا هیچ حکوومەتێک مەشرووع نییە. بەڵام کاتێک کۆمەڵگەیەکی سیاسی پیکدێت، تاک دەتوانێت چ بە زارەکی و چ بەلاوەکی و بە هێما و ئاماژە، رەزامەندیی خۆی بۆ بەئەندامبوون لەوێدا دەرببڕێت.

درکاندنی زارەکی و راستەوخۆی رەزامەندی لەسەر حکوومەتێک، تاک دێنێتە ریزەی ئەندامانی کۆمەڵگەی ژێر دەسەڵاتی ئەو حکوومەتەوە. لەحاڵێکدا کە رەزایەتی لاوەکی وانییە. بەگوتەیەکی تر، تاکێک کە تەنیا بە لاوەکی و نەک بە زارەکی رەزامەندی لەسەر حکوومەتێک دەردەبڕێت، رەزامەندیی خۆی بۆ پەیرەوی لە یاساکانی ئەو حکوومەتە تەنیا بۆ ئەو ماوەیە دەربڕیوە کە دەخوازێت لە هەرێمی ئەو حکوومەتەدا بمێنێتەوە؛ بەڵام ئازادە لەوەی هەرکات بخوازێ بەجێی بهێڵێت. لەحاڵێکدا کە ئەگەر تاک بە زارەکی رەزامەندیی خۆی بۆ ئەندامەتیی کۆمەڵگایەک دەربڕێت، بۆ هەمیشە دەروەست و ناچارە بە پەیڕەویکردن لێی. کەواتە تاک ناتوانێ بە زارەکی و راستەوخۆ رەزامەندیی خۆی بۆ تەنیا چەند ساڵێکی دیاریکراو بۆ پەیڕەوی لە حکوومەتێک رابگەیەنێت، کەچی لە رەزامەندیی لاوەکیدا بەم چەشنە نییە.

ئەمە بەو مانایە نییە تاکێک کە بە راستەوخۆ و زارەکی رەزایەتی داوە، بۆ هەمیشە لە دەروەستیی ئەندامەتی و پەیڕەویی حکوومەتێکدا بمێنێتەوە، چونکە ئەو حکوومەتە دەتوانێ بەتاڵی بکاتەوە لە دەروەستی و یان رێگەی پێبدات بۆ سڕینەوەی ئەندامەتیی خۆی. بەڵکوو بەم مانایەیە کە ئەو مافی بەجێهێشتنی کۆمەڵکاکەی خۆی نییە مەگەر ئەوەی رێگەی پێدرابێت.

مەبەستی مرۆڤ لە درکاندنی رەزامەندیی خۆیان لەسەر حکوومەتێک، بەدەستهێنانی ئامرازێکە بۆ دەستپێڕاگەیشتن و پاراستنی ئەو شتانەی کە مافی سروشتی خۆیانە. بەڵام گرفتێک هەیە لێرەدا، کەسێک کە رەزامەندە بە حکوومەتێک، خۆی دەخاتە بازنەی سنوورە یاساییەکانی ئەوەوە و ئەو جۆرە سنووردارییانە، بەرلەوەی ئازادییەکانی بۆ مسۆگەر بکەن، سازشی پێدەکەن. لۆک بۆ چارەسەری ئەو گرفتە، دوو جۆری ئازادیی سروشتی و ئازادیی مەدەنی لێک جیادەکاتەوە. بەڵام هەروەک گوتمان، لەلای هۆبز، ئازادیی سروشتی بەمانای نەبوونی دەسەڵاتی دەرەکییە بەسەر ئەنجامدانی کارێکدا کە تاک دەیهەوێ بیکات و ئازادیی مەدەنی بە مانای ئەنجامدانی ئەو کارانەیە کە لەلایەن یاساوە یاساغ نەکراوە.

لۆک، ئازادیی سروشتی بە دۆخێک دەزانێت کە مرۆڤ لەسەر زەوی لەبەندی هەرچەشنە دەسەڵاتێک ئازاد بێت و نەکەوێتە بەندی خواستی مرۆڤێکی ترەوە و ئازادیی مەدەنی، ئازادیی مرۆڤە لە کۆمەڵگادا، بەو مەرجەی ژێردەستەی هیچ دەسەڵاتێکی تر جگە لەو دەسەڵاتە نەبێت کە رەزایەتی پێیداوە.

بەم شێوەیە، لەراستیدا مرۆڤ خاوەنی دوو جۆر ئازادییە: ئازادیی سروشتی و ئازادیی مەدەنی. بەڵام هاوکات سوود لەو دوو جۆرە ئازادییە وەرناگیرێت. لەراستیدا جۆری بنچینەیی ئازادی، ئازادیی سروشتییە. مرۆڤ ناچارە بەهۆی نیازەکانی خۆی و ئەو ناڕەساییانەی لە دۆخی سروشتیدا هەیە، ئازادییە سروشتییەکانی خۆی لەگەڵ ئازادییە مەدەنییەکان، بگۆڕێتەوە. لەو ئاڵوێرەدا، پێویستە هەندی مەرجی دیاریکراو لەئارادا هەبن:

1- پێویستە دەسەڵاتی مەشرووع بە رەزامەندیی پەیرەوەکانی پێکبێت.
2- یاسای داڕێژراو لەلایەن دەسەڵاتی مەشرووعەوە، پێویستە بگونجێت لەگەڵ ئەو ئامانج و پرەنسیپانەی لەسەری دامەزراوە.
3- ئەو حکوومەتەی تاکەکان پەیڕەویی لێدەکەن، پێویستە بەپێی یاساگەلی توکمە، بەڕێوە بچێت.
4- هیچ مرۆڤێک نابێ ملکەچی ئیرادەی خۆپەرستانە و دڵخوازانەی کەسێکی تر بێت.

کاتێ لۆک لە ئازادیی مرۆڤ لە کۆمەڵگادا یاخود لە ئازادیی مەدەنی دەدوێت، ئەو چوار مەرجەی بەگشتی لەبەرچاوە، بەڵام ئەو چوار مەرجە هەندێ تایبەتمەندیی تریش دەگەیەنن. بەبۆچوونی لۆک، دەسەڵاتی مەشرووع لەبەرژەوەندییە هاوبەشەکاندا دەسەڵاتی سەرترە و بەم پێیە، گشت دەسەڵاتەکانی دیکە بە پەیرەو و بندەستی ئەو دێنە ئەژمار. بەڵام کەسانێک کە خاوەنی ئەو دەسەڵاتەن، بۆیان نییە بیگوازنەوە بۆ کەسێکی تر. ئەوان تەنیا رێگەی یاسادانانیان پێدراوە. لەحاڵێکدا کە بەبۆچوونی هۆبز ، هەر تاک یان گرووپێک کە خاوەنی دەسەڵات بێت، رێگەی گوازتنەوەی ئەو مافەشی پێدراوە.

بەڵام تەوەری گرینگ لای لۆک ئەوە نییە . ئەو دەڵێ: بەڵێنییەکانی یاسا نەک تەنیا هەرەس ناهێنێت بەڵکوو لە بابەت زۆر شتدا بە رۆژ نوێ دەبێتەوە و بۆ ئاسانکاریی زیاتری ژیان، یاساگەلی سزایی

نوێش لەلایەن مرۆڤەکانەوە زیاد دەکرێتە سەریان. بەم شێوەیە یاسای سروشتی وەک یاسایەکی هەرمان بۆ هەموو مرۆڤایەتی و لەوانیش خودی یاسادانەران و خەڵکانی تر بە نەگۆڕی دەمێنێتەوە.

بەگوتەیەکی تر، پێویستە یاسای داڕێژراو لەلایەن خاوەن دەسەڵاتەکانەوە، تەنیا لە بەرژەوەندی خەڵکدا و بۆ مەبەستی خۆشگوزەرانیی خەڵک دابڕێژرێن. هەر لەم رووەوەیە کە لۆک دەڵێ: دەسەڵاتی شەرعی، ناتوانێ بەبێ رەزایەتی کەسەکە تەنانەت کوتێک لە دارایییەکانی داگیر بکات. بەڵام بەبۆچوونی لۆک، ئەو سنوور و ئیختیارە شەرعییانە، تەنیا لە حکوومەتە پاشایەتیەکاندا دەگونجێت نەک لە حکوومەتە دیموکراتیکەکاندا کە تیایاندا خەڵک بەشێک لە دەسەڵاتە مەشرووعەکەیان دەدەنە دەست نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانی خۆیان. ئەم بۆچوونە بەو مانایە نییە کە دیموکراسی لەلای لۆک تاکە مۆدێلی بەرحەق و مەشرووعی حکوومەتە، چونکە ئەو مۆدێلەکانی پاشایەتی و فیۆدالیش قەبووڵدەکات. بەڵام ئەو شتەی کە ئەو پێداگریی لەسەر دەکات ئەوەیە کە ئەگەر بڕیارە هەموو چەشنەکانی حکوومەت شەرعی بن، پێویستە سەرچاوەیەکی دیموکراتیکیان هەبێت.

ئەم گوتەیە دەمانگەیەنێتە تەوەری چەمکی "زۆرینە". بەبۆچوونی لۆک، حکوومەتی زۆرینە واتایەکی روونی هەیە بۆ بوونەوەرە ئاوەزمەندەکان، چوونکە لە پێچەوانەی ئەم حاڵەتەدا تەنانەت شارۆمەندێکیش بونی نابێت. بەم پێیە، بنەماکانی رەزامەندی و حکوومەتی زۆرینە، بنەمای گشت شەرعییەتە سیاسییەکانە. ئەمە لە بەندی هەشتەمی بەشی 99ی دوو تێز سەبارەت بە حکوومەتدا بەرچاو دەکەوێت. لۆک لەوێدا دەڵێ: ... بەمشێوەیە، پێکهێنەری هەر کۆمەڵگایەکی سیاسی چشتێک نییە جگە لە رەزایەتی تاکە ئازادەکان کە توانایی پێکهێنانی زۆرینە و یەکانگیرکردنی وەها کۆمەڵگایەکیان هەیە و هەر ئەوەشە کە دەسپێکەری حکوومەتێکی یاسامەندە لە جیهاندا. بەم پێیە، لەو رووەوە کە بە سروشتی ئازادن، دەتوانن پێکەوە دەسەڵاتێکی سیاسی داڕێژن. بەگوتەیەکی تر بەبۆچوونی لۆک، ئۆتۆریتەی سیاسی، تەنیا دەسەڵات نییە بەڵکوو دەسەڵات و مافە. ئەو لەو بڕوایەدایە کە بیچمگرتنی ئۆتۆریتەی سیاسی لە دوو قۆناغدا پێکدێت:

1. هەموو مرۆڤەکان بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی سیاسی رێکدەکەون و دان بەوەدا دەنێن کە رێز لە بڕیارەکانی حکوومەتی زۆرینە بگرن و بە شایانی جێبەجێکردنی بزانن.
2. کۆمەڵگا، حکوومەت پێکدێنێت. لەم پرۆسەیەدا، مافی دادوەری و جێبەجێکردنی یاسا بە کەسێک یان کۆمەڵە کەسێک دەبەخشرێت.

ئەم قۆناغە بە چ مانایەکە؟ مانای ئەوەیە کە حکوومەت بریتییە لە پەیمان trust نەک گرێبەستێکی سادە. راستە حکوومەت بەرهەنجامی پەیمانە، بەڵام رۆحی پەیمانە لە کۆمەڵگادا. لێرەدا لۆک هەوڵدەدات دوو تەوەری جیاواز بەڵام تەواوکەری یەکتری بخاتە بەرباس و دەڵێ:

1. زەروورەتی رەچاوکردنی پێوەرێک بۆ حکوومەتی مەشرووع و
2. هاندانی خەڵک بۆ ئەوەی ئەگەر خۆیان بە پەیڕەوی حکوومەتێکی مەشرووع دەزانن، ئەوا دەتوانن هەندێ کاریشی بۆ بکەن.

لەم قۆناغەدا لۆک هیچ بایەخێک بە مۆدێلی حکوومەتی قەبووڵکراوی بەرباس نادات. بەبۆچوونی ئەو حکوومەت دەتوانێ دیموکراتیک یان پاشایەتی بێت. بەڵام ئەوەی لای ئەو دیاریکەر و گرینگە، ئاستی ئەو دەسەڵاتەیە کە ئەو حکوومەتە دەیسەپێنێت بەسەر تاکەکاندا. واتا، حکوومەت دەبێ مەشرووع بێت نەک سەرەڕۆ. بۆچی؟ چونکە ئەو مافانەی تاکەکان لە دۆخی سروشتیدا هەیانە، سەرەڕۆیانە نییە و هیچ دەسەڵاتێکی سەرەڕۆش ناگوازرێتەوە بۆ دیتران. لۆک لە ***"دوو تێز سەبارەت بە حکوومەت" بەشی (135)*** بەڕاشکاوی دەڵێ: " هیچکەس ناتوانێ دەسەڵاتێکی زیاتر لە دەسەڵاتی خۆی بگوازێتەوە بۆ دیتران" واتا: بڕیاردەران، خۆشیان پەیڕەوی هەمان ئەو یاسایانەن کە بۆ تاکەکانی تری بەڕەوا دەزانن. ئەگەر وانەبێت، لەکۆمەڵگای سیاسیدا ئەگەری لایەنگیری بەهێزتر دەبێت. بەگوتەیەکی تر، حکوومەتێک مەشرووعە کە هەڵگری ئەم چوار مەرجەی خوارەوە بێت:

1. کۆمەڵگای سیاسی تەنیا بەمەرجی رەزامەندیی ئاشکرای هەموو دامەزرێنەرەکانی پێکدێت.
2. زۆرینە، دەبێ لەسەر مۆدێلی حکوومەت رێککەون.

3. گرووپێک کە مافی یاسادانانیان پێدەدرێت، نابێ یاسایەک بەپێچەوانەی یاسای سروشت دابڕێژن.
4. حکوومەت ناتوانێ دەسەڵاتەکەی خۆی بگوازێتەوە یان ئاڵوێری پێبکات.

هەر لەو رووەوەیە کە لۆک خوازیاری پەیمانێکی دروستە. واتا، یەکگرتوویەکی سیاسی کە بتوانێت شەرعییەتی خۆی سەرکەوتووانە لەسەرپێ رابگرێت.
بەبۆچوونی لۆک، لە پەیمانێکی کۆمەڵایەتیدا، حکوومەت لە دوو لقدا رێک دەخرێت:
1. دەسەڵاتی یاسادانەر، کە دارێژەری یاساگەلێکە کە هەموو کۆمەڵگا پیویستە ملی بۆ کەچ کەن.
2. دەسەڵاتی جێبەجێکاری کە هەم کاری بەڕێوەبردن و هەم کاری دادوەریش دەکات.
3. هەڵبەت لۆک بڕوای بە هێزێکی سێهەمیش هەیە کە بە دەسەڵاتی فیدراتیف ناوی دەبات. کاری ئەو دەسەڵاتە پەیوەندی و ئاڵوێرکردن لەگەڵ کۆمەڵگا سیاسییەکانی ترە. دەسەلاتێکە بۆ پەیوەندییە دەرەکییەکان.

لۆک پەیوەندیی نێوان ئەو لقانە وەک زنجیرە پلەکانی پەیمان دەبینێت. کەواتا هەرکات یەک لەو هێزانە لەگەڵ هێزەکەی تر هاوکاری نەکات، خۆی پەیڕەوی لە پەیمان نەکردووە. لەکۆتاییدا، گرووپی یاسادانەر، خۆی لە چوارچێوەی پەیمانی کۆمەڵایەتیدایە. لەم رووەوە، لای لۆک، کۆمەڵگە وەک دەسەڵاتی گەل دەبیندرێت بەڵام هیچکات ناگاتە واقیع، مەگەر ئەوەی تاکەکان راستەوخۆ دەوریان هەبێت لە ژیانی سیاسیدا. کاتێ کە حکوومەتێک نەبێت لە ئارادا تاکەکان دەبێ راستەوخۆ دەستیان هەبێت لە ژیانی سیاسیدا. هەڵبەت، حاڵەتێکی دووهەمیش هەیە لە ئارادا. دەستتێوەردانی کۆمەڵگا لە بارودۆخێکی تردا و کاتێک کە رەزایەت و پەیمانی خۆی لە دەسەڵاتی سەرەڕۆ وەردەگرێتەوە، پێویست دەبێت. لۆک بەم پرسیارەوە دەست پێدەکات کە لە چ کاتێکدا و چلۆن دەشێ بەرەنگاری بکرێت لە بەرانبەر حکوومەتێکدا؟ هەروەک دەزانین، تەوەری سەرەکیی لۆک لە دوو تێز سەبارەت بە حکوومەتدا، خۆی پاساوێکە بۆ بەرهەڵستکاری و شۆڕش. بە گوتەیەکی تر، بناغەی راستەقینەی حکوومەتی مەشرووع، خۆی پاساوی پێویست بۆ شۆڕشیش لە خۆ دەگرێت. دەزانین کە تیۆریی شۆڕش لە فەلسەفەی سیاسیی لۆک دا، تا رادەیەک پشت گوێ خراوە. بە پێچەوانەوە بایەخێکی زۆر دراوە بە تیۆریی دەروەستیی سیاسی و هەروەها بۆچوونەکانی لۆك زیاتر بەلای خاوەندارێتیی تایبەتیدا شکاوەتەوە. هۆیەکەشی سادەیە، ئەوەی لۆك دەیکات پاساودانەوەی شۆڕش بەدژی حکوومەتی نامەشرووعە.
بەڵام کێشەکە لێرەدایە کە تیۆرییەکەی لۆك تا رادەیەك نامۆیە بۆ ژیانی ئەنگلۆسەکسۆنەکان، چونکە ئەو رووداوانە دەورێکی ئەوتۆیان لە ژیانی ئەنگلۆسەکسۆنەکاندا نەبووە. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش تا کۆتایی شەڕی ناوخۆ، ئەو ئەزموونەی نەبووە. ئینگلستانیش تا سەردەمی ژیانی لۆك هەر بەو شێوەیە بوو. ئەوەی زیاتر لە ژیانی ئەنگلۆسەکسۆنەکاندا روویدابوو، شێوەی نافەرمانیی مەدەنی بوو کە دەتوانین نموونەکانی لە شۆڕشی رەشپێستەکانی ئەمریکا و بزووتنەوەی دژی شەڕی ڤێتنام لە ساڵانی شەستەکاندا ببینین. بەڵام بایەخێك بە نافەرمانیی مەدەنی نادات. ئەو باس لە راپەڕینێك دەکات کە چەکدارانەیە. کەواتە بەم پرسیارەوە دەستپێدەکات: " چۆن و لە چ کاتێکدا لە بەرانبەر حکوومەتێکدا هەڵوێست بگیرێت؟ لە بەندی پازدەهەمی، دوو تێز... دا بە دیاریکردنی مۆدێلەکانی حکوومەتی مەشرووع، هەوڵ دەدات وڵامێك بە پرسیارەکەی خۆی بداتەوە. بەبۆچوونی لۆك، هەرکەس کە بانگەشەی دەسەڵاتی بێسنوور دەکات، ناسروشتییە و نکۆڵی لە ئاوەز دەکات.
بەم پێیە، بە بۆچوونی لۆك هەر کەس کە بانگەشەی دەسەڵاتی رەها دەکات بەسەر کەسێکی تردا، بانگەشەی شتێک دەکات کە ماف (کە بنەما و پایەی دەسەڵاتی سیاسییە) رەتدەکاتەوە. حکوومەتێك کە سەرپێچی لە یاسای سروشتی دەکات، لە راستیدا بەستێنەکانی شۆڕش فەراهەم دەکات. ئەم نارەساییە لە کاری حکوومەتدا بە دوو شێوەیە:

1. ڕەنگە حکوومەت ڕاستەوخۆ سیاسەتێك بگرێتەبەر کە پێچەوانەی یاسای سروشت بێت. (نموونەیەکی ئەوە، حکووموتی نازییەکانە لە ئاڵمان). بەبۆچوونی لۆك، تاکە دەسەڵاتێك کە کۆمەڵگا دەتوانێ بیخاتە ئیختیاری حکوومەتێکەوە، دەسەڵاتی جێبەجێکاریی یاسای سروشتییە. بەم پێیە هیچ حکوومەتێك ناتوانێ خاوەنی دەسەڵاتێك بێت کە سەرەڕۆیانە و ستەمکارانە بەکاری بهێنێت و هەموو ئەو شتەی حکوومەتێك هەیەتی، دەبێ لە بناغەوە هی خەڵک و لەلایەن خەڵکەوە بێت. کەواتە ئەمە سەرپێچییەمی بچووك نییە و لۆکیش لەمە ئاگادارە، چونکە لە بەندی دووهەم ( بەشی 225) ئاماژەی کردووە: "لەبەر هەر وردەهەڵە و بێبەرنامەییەك خەڵك شۆڕش ناکات."

2. مۆدێلی دووهەم کە تایبەتمەندییەکی گشتیی هەیە، سەرپێچی یان بێتوانایی حکوومەتە لە جێبەجێکردنی یاسای سروشتدا بەئانقەست و ڕەنگە بە مەبەست و بەرنامەیەکی پێشتر داڕێژراوەوە. لەمەشیاندا حکومەت بەستێنی شۆڕشی خەڵکی فەراهەم کردووە. چونەکە کارەکەی ئەو بەجۆرێك پێچەوانەی خێر و بەختەوەریی گشتییە. کاتێ کە لۆك باس لە خێری هەمەکی دەکات، مەبەستی مانەوە و تەندروستیی گشتیی کۆمەڵگایە. کەواتە ئەوەی لەم خاڵەدا دەردەکەوێ، ئەوەیە کە بە بۆچوونی لۆك، دەسەڵات مڵکی حکوومەت نییە، بەڵکوو مڵکی خەڵکە و حکوومەت مافی ئەوەی نییە کە بۆ هەر مەبەستێک بیەوێت کەڵکی لێوەربگرێت.

ئەمەش سەبارەت بە هەموو مۆدێلەکانی حکوومەت ڕاستە: حکوومەتە فیۆدالی و دیموکراسی و پاشایەتییەکان جیاوازییان نییە. ئەگەر حکوومەت پشتیوانی و ڕەزامەندیی زورینە بدوڕێنێت، مەشرووعییەتی خۆی دۆڕاندووە. بە گوتەیەکی تر، بەبۆچوونی لۆك هەرکات حکوومەتێك بەپێچەوانەی ڕەزامەندیی خەڵك کار بکات، دەبێتە هۆی ستەمکاری و بەم شێوەیە دەگەڕێینەوە دۆخی سروشتی. لە هەلومەرجێکی ئاودا ڕاپەڕین و شۆڕش بەدژی حکوومەت نەك تەنیا مافێکەو دەبێ ئەنجام بدرێت، بەڵکوو زۆریش پێویستە. بەڵام شێوە و ئاستی هێزی شۆڕشەکە پێویستە بگونجێت لەگەڵ ئاستی لادان و سەرپێچییەکانی حکوومەت لە شەرعییەتی خۆی. بەم پێیە پێویستە هەندێ سنووری ڕوون و دیاریکراو بۆ مافی بەرەنگاری لەبەرچاو بگیرێت. لۆك سەبارەت بەوە ئاماژە بە دوو خاڵ دەکات:

1. بەرەنگاری هەمیشە بە مانای گەڕانەوە بۆ دۆخی سروشتی نییە، چونکە کۆمەڵگایەکی سیاسی دەتوانێت بەبێ ئەوەی تووشی هەرج و مەرج بێت حاکمەکانی خۆی بگۆڕێت.

2. تەنانەت ئەگەر بەرەنگاری ببێتە هۆی لەبەریەك هەڵوەشانەوەی کۆمەڵگاش، گەڕانەوە بۆ دۆخی سروشتی باشترە لە دەستبەسەری حکوومەتێکی ستەمکار و سەرەڕۆ بوون.

لە ڕاستیشدا لۆك بەڵگەی باشی پێیە بۆ ئەو وتانەی سەرەوە: چونکە پاشای ئینگلستان لە ساڵی 1681، ئەنجومەنی ئاکسفۆڕدی هەڵوەشاندەوە و هیچ هیوایەکیش بۆ دووبارە سازدانەوەی لەئارادا نەبوو. مەبەستی لۆك لەو وتانەی سەرەوە لەڕاستیدا: بەرگریکردن لە مافی کەسانێکی وەك خۆیەتی. بەم شێوەیە، بەرەنگاری یاخود شۆڕش بەدژی حکوومەتی نامەشرووع کاتێك ڕێگەی پێدەدرێت کە دوو مەرجی پەیوەست بەیەك لەلایەن حکوومەتەوە پشت گوێ خرابێتن:

1. کاتێ کە هەنگاوکانی حکوومەت لە ئاراستەی بەرژەوەندیی گشتیدا نییە.

2. کاتێ کە خەڵك ئیتر ڕەزامەند نەبن لەسەر حکوومەتەکەیان.

کەواتە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە لۆك جیاوازی دەکات لە نێوان سڕینەوەی حکوومەت و بێدەسەڵاتکردنی بەهۆی بەرەنگاریی هەموو خەڵك. بە گوتەیەکی تر لە فەلسەفەی لۆك دا مافی خەڵك لە بەرەنگاری لە بەرانبەر سەرەڕۆییدا هەتا مافی بەرەنگاربوونەوە بەهۆی ناڕەزایی پەرەی پێدراوە. لۆك لە دوو تێزەکەی خۆیدا دەڵێ:

مرۆڤەگان هیچکات ناتوانن لە ستەم و سەرەڕۆیی پارێزراو بن. ئەگەر ئامرازێك لە ئارادا نەبێت بۆ ڕزگار بوون لێی، تا ئەو کاتەی بەتەواوی پێوەی گرفتارن، نەك تەنیا مافی ئەوەیان هەیە کە لە بازنەی دەسەلآتەکەی دەرچن، بەڵکوو مافی ئەوەشیان هەیە کە ڕێی پێبگرن و بەرپەرچیشی بدەنەوە.

پێویستە ئەوە بزانرێت کە هەموو بەرەنگارییەك بەرەنگاری بەدژی دەسەڵات نییە. چونکە دەسەڵات لە شوێنێك هەیە کە ماف و هێز دەکەونە پاڵ یەك. بەو پێیە، ئەو حاکمانەی لە حکوومەت دوورخراونەتەوە، تەنانەت ئەگەر لە پێگەی دەسەڵاتی خۆشیاندا بمێننەوە، ئیتر ناتوانن دەسەڵاتێك

بسەپێنن، مافێکیان نییە بۆ خۆیان و بە سەرکەش و ئاژاوەگێر دادەنرێن. بەبۆچوونی لۆك ئاژاوەگێڕێکی سەرکەش کەسێك نییە کە بەرەنگاری ستەم بووبێتەوە، بەڵکوو کەسێکە کە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی هەلومەرجی شەڕ. بەڵام کەسێك کە بەرەنگاری دەکات، لەراستیدا سەرلەنوێ دروستکەرەوەی دسیپلینێکی سیاسییە کە لەدەست چووە یان تێکشگاوە. بەم پێیە ئەو رەگەزە سیاسییانەی خەڵك لەکاتی بەرەنگاریدا رەچاویان دەکەن و جێبەجێیان دەکەن، رەگەزەکانی یاسای سروشتین نەك پێکهێنانی دسیپلینێکی نوێی کۆمەڵایەتی، کە لە شۆڕشە مۆدێرنەکاندا دەبیندرێن.

سەیر نییە کە رەگەزەکانی بەرەنگاریی لۆك هەندێ راڤە و تێگەیشتنی لێکەوتەوە کە خۆی هیچکات بیریشی لێنەکردبوو یان بەتەواوی لەگەڵیان هاودەنگ نەبوو. لۆکیش وەك زۆربەی هاوچەرخەکانی، لایەنگری ئیمپراتۆریی بەریتانیا بوو. کەواتە بەلایەوە زۆر دادگەرانە بوو کە ئیرلەند و کۆلۆنییە ئەمریکاییەکان بندەستەی پاشا بن. بەڵام کۆلۆنییەکان خۆیان بە سوودوەرگرتن لە گوتەکانی لۆك، لەو باوەڕەدابوون کە پێویستە رووبکەنە شۆڕشی چەکدارانە. نووسەرە ئەمریکاییەکان لە نووسین و وتارەکانیاندا بانگەوازی مافی سروشتی و پەیمانی کۆمەڵایەتییان دەکرد. لە فەرەنسا، رەگەزە دیاریکراوەکانی دوو تێزەکەی لۆك، بەتەواوی و بێ کەموکورتی چاپکرا. فەرەنسییەکان گەیشتنە ئەوەی کە بەپێی رەگەزی " رەزامەندیی لۆکی" نەك تەنیا دەتوانرێت سەرەڕۆیەك لە کار لابدرێت، بەڵکوو تەنانەت دەکرێ بەتەواوی لە سیستەمی سیاسی رزگاریان بکات. بەم پێیە، لۆك وەك پێشەنگی فکریی شۆڕش لە سەردەمی خۆیدا، واتە سەردەمی ئاوەز و ئاوەزباوەری، سەیر دەکرا.

بەڵام وادیارە کە لۆك نەیدەتوانی هەموو ئەو شتانە قەبووڵبکات کە لە شۆڕشی فەرەنسادا روویاندا. ئەو لە بەرهەمەکانی خۆیدا بۆچوونەکانی هەموو ئەو کەسانەی کۆکردەوە کە بڕوایان بە ئازادی هەبوو بەڵام نووسینەکانی ئەو کۆمەڵێ گرفتی جیددیشیان تێدابوو:

1. لۆك، بەڕواڵەت، بە سەرنجدان بەوەی لە ئەنجامی نایەکسانی لە داراییەکاندا هەموان سوود دەبینن و هیچکەس تووشی زیان نابێت، بەرگریی لە خاوەندارێتی تایبەتی کردووە. ئەگەر بڕیار بێت ئەو هەلومەرجانە بگەیەنە واقیع، پێویستە تاکەکان دەستیان بە دەرفەتە ئابوورییەکان رابگات. بەبۆچوونی لۆك، لانیکەم دەبێ تروسکاییەکی کار بۆ هەموان هەبێت. بەم پێیە بەبۆچوونی لۆك، بێکار کەسێکە کە خۆی نەیتوانیوە کار بدۆزێتەوە، یان خۆی بەشوێن کار نەکەوتووە.

2. لاوازییەکی روون و ساکار هەیە لە باسەکانی لۆك دا: لەلایەکەوە پێداگری لەوە دەکات کە نابێ هیچکەس بچێتە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتێکەوە کە پێی رازی نییە، بەڵام لەلایەکی ترەوە، هیچکات ناڵێ هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیە کە بە شارۆمەند دابنرێت.

بەم پێیە دەشێ لە خوێندنەوەی لۆك دا سێ تێگەیشتنی جیاواز بدرێت بەدەستەوە:

1. دەبێ گشت تاکەکان وەك شارۆمەند و بە مافی یەکسانەوە سەیر بکرێن.

2. دەکرێ لۆك بەو هەڵوێستەوە سەیر بکریت کە بەرگری لە یاسای بنەڕەتیی سەردەمی خۆی دەکات. لەحاڵێکدا کە تەنیا دەوڵەمەندەکان مافی دەنگدانیان هەبوو و ژنان و هەژارەکان لەم مافە بێبەش بوون.

3. خاڵێکی سێهەمیش لە ئارادا هەیە ئەویش ئەوەیە کە، چوارچێوە و بەستێنی هزریی لۆك، بەهەر حاڵ مەسیحییە. پێدەچێ ئەو وەك خۆی یەکتاگەرایەکی مەسیحی Unitarians بووە. ئەو گرووپە لەوباوەڕەدا بوون، کە ناسینی ژیانی پاش مەرگ لەرێگەی هەستانەوەوە دەکرێت نەك لە رێگەی ئەقڵەوە.

بەڵام ئەو کەسانەی لەژێر کاریگەریی لۆك دا بوون بایەخێکیان بەو یەکتاگەراییە مەسیحییەی ناو تیۆریی سیاسیی ئەو نەداوە و روانگەکانیان لە کەل و قوژبنی نووسینەکانی هەڵهێنجاوە و باسیان لە وابەستەییە ئایینییەکانی ئەو نەدەکرد. ئەوەش تەواو جێی باوەڕە بەڵام هاوکات دژهۆنیشە چونکە دەرخەری رووبەڕووبوونەوەیەکی ئاڵۆزە لەگەڵ لۆك وەك بیرمەندێکی سیاسی.

بەڵام سەبارەت بە تیۆریی خاوەندارێتی، پێویستە بگوترێ کە گەلێك بەڵگە هەیە بە دەستەوە کە تیۆریی خاوەندارێتیی لۆك جێی بایەخ و شایانی سەرنجی تایبەتییە:

1. لۆک لەرێگەی گەڕان بەشوێن حەقیقەتی شتەکاندا، هەندێ رەسەنایەتیی دیاریکراو لەخۆی دەردەخات.
2. ئینگلستان، زێدی لۆک بوو و هەروەها یەکەم وڵاتێکیش بوو کە فەلسەفەی نوێی خاوەندارێتیی لە ئاستێکی بەرفراواندا قەبووڵکرد.
3. سەرەنجام، تیۆریی خاوەندارێتی کاریگەرییەکی گرینگ و شایانی سەرنجی لەسەر نووسەرانی سیاسی لە ئەمریکا و فەرەنسا، دانا.

هەروەک دەزانین، بەشی تایبەت بە خاوەنداریتی، یەک لە بەشە بەناوبانگەکانی " دوو تێز سەبارەت بە حکوومەت"ی لۆکە. بەڵام تێگەیشتن لەم خاڵە ئاسان نییە کە بۆچی ئەم تەوەرە لەوێداپێکهاتووە. لەراستیدا سەرلەبەری پاشماوەی کتێبی ناوبراو، لەسەر ئەوەیە کە دەروەستیی پەیڕەوی لە حکوومەتی مەشرووع چۆنە و یان سەبارەت بە دۆخێکە کە لەوێدا شۆڕشی خەڵکی بە رێگەپێدراو زانیوە. بەڵام بەندی پێنجەم کە سەبارەت بە خاوەندارێتییە، راستەوخۆ هیچ پەیوەندییەکی بەم بابەتانەوە نییە و ئەم بەندە لەچاو تەوەرەکانی تر بەجیا کەوتووە و کەم و زۆر بەجیا کەوتۆتە بەرباس.

بنەمای خاوەندارێتی لە روانگەی لۆک دا چییە؟ خاوەندارێتی یەکەمین تێزێکە کە راستەوخۆ لە یاسای سروشت و مافی سروشتییەوە وەردەگیرێت. ئەوەی لۆک دەیڵێ، ئەوەیە کە هەموو مرۆڤێک لە گەوهەری خۆیدا ئەگەری پێکهێنانی خاوەندارێتیی تایبەتی هەیە. بەم پێیە، خاوەنداریتیی تایبەتی لەوپەڕی خۆیدا، لە چەمکی کەسایەتیی مرۆییەوە وەردەگیرێ و هەڵدەهێنجرێت. بە گوتەیەکی تر، خاوەنداریتی لە سروشت و گەوهەری شتەکاندا حەشارە: "گشت زەوی و مەخلووقەکانی ئەم جیهانە خاکییە، هەمەکییە و هی هەموو مرۆڤەکانە. کەواتە هەر مرۆڤێک وەک خۆی "خاوەنداریتییەکی" هەیە و کەسی تر جگە لەو مافی بەسەریەوە نییە. کاری جەستە و دەستەکانی بێگومان هەر هی خۆیەتی ... لەم رووەوە، ئەم کار و تیکۆشانەش بەبێگومان، مڵکی ئەو کارەکەرەیە و هیچ کەسێکتی جگە لەو، مافێکی نییە بەسەر ئەو شتەوە کە پەیوەستە بە ئەوەوە". ***تێزی دووهەم، بەندی پێنجەم،بەشی 26***

کەواتە لۆک لێرەدا دەڵێ کە مرۆڤ خاوەنی کاری خۆیەتی، مەگەر ئەوەی بیهەوێ بیدات بەوانی تر. خاڵێکی تر ئەوەیە کە بەڕای ئەو زەوی و گشت بەرەکەتەکانی، بەشێوەی یەکسان هی گشت مرۆڤەکانە و بەو کارەی کە کەلەسەر ئەو بەرەکەتانە دەکرێت، بەرەکەتە باشەکانی سروشت دەبێتە مڵکی گشت کۆمەڵگای مرۆیی و هەموو تاکێک بە ئازادانە دەتوانێت، بەپێی پیویستییەکانی سوودیان لیوەربگرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەی مرۆڤ، کارەکەی ( ئەو کارەی کە تەنیا پەیوەست بە خۆی و هی خۆیەتی) لەگەڵ هەر کاڵا و بەرەکەتێکی تری ئەم جیهانە تێکەڵ بکات، خاوەندارێتیی تایبەتی پێکدێت.

لەوێوەیە کە مرۆڤ بەشدارە لە مافی بەختەوەری و گەشەدا، بەم پێیە مافی ئەوەی هەیە کە داوای خاوەندارێتی لەسەر هەر شتێک بکات کە پیویستیی پێیەتی. کەواتە بە بۆچوونی لۆک هەر تاکیک بەو رادەیە مافی بەسەر بەرەکەتەکانی زەوییەوە هەیە کە بتوانێ سوودی لێوەربگرێت. لەم رووەوە، هیچ کەس رێگەی تێکدان یان زێدەڕۆیی لە بەکارهێنانی ئەو بەرەکەتانەی پینەدراوە. بەم پێیە هەمان یاسای سروشت کە مافی خاوەندارێتیی بە ئێمە بەخشیوە، بۆشمان سنووردار دەکات. کەواتە ئەوەی لە بۆچوونەکەی لۆک دا دەردەکەوێت، بەم شێوەیەیە:

1. یەزدان، بە شێوەی هاوبەش و بە یەکسان جیهانی داوە بە مرۆڤەکان.
2. یەزدان، لەبۆ سوودلێوەرگرتنی ئاوەزی و هۆشیارانە، جیهانی خستۆتە خزمەتی مرۆڤەوە.
3. ئەگەرچی بەرەکەتەکانی سروشت هاوبەشە لە نێوان مرۆڤەکاندا، بەڵام بنەمای مەزنی خاوەنداریتی، لەراستیدا هەمان کاری سروشتە.
4. کار، سەرچاوەی بەهایە. بەهای کار سەرچاوەی شەرعییەت و پاساوی خاوەندارێتیی تایبەتییە.

ئیستا ئەگەر ئێمە لە دۆخی کۆمەڵگای سروشتییەوە بپەڕینەوە بۆ دۆخی کۆمەڵگای مەدەنی، چی روودەدات؟ لۆک بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە، بەم شێوەیە بە تیۆریی خاوەندارێتیی خۆیدا دێتەوە کە نەک تەنیا لەسەر بناغەی کاری دەزانێت بەڵکوو بە هاوسەنگی یاساشی دادەنێت.

"ئەندامانی خێزانەکان زیاد دەبن و دارایی و سامانەکانیان، هاوپێی پێویستییەکانیان پەرە دەستێنن، بەلام دیسان تا ئەم قۆناغە، هێشتا هەمووشت هاوبەشە و خاوەندارێتییەکی دیار و جێگیر لەسەر بەرەکەتە پێویستە هاوبەشەکان، کە بە رێککەوتن لەگەڵ یەکدا دایانمەزراندووە، لەئارادا نییە. مرۆڤەکان دوابەدوای ئەم پرۆسەیە شارەکان دروست دەکەن و پاشان لەسەر رەزامەندیی یەکدی، دەگەنە قۆناغێک کە سنووری خاوەندارێتییەکانی خۆیان و دراوسێکانیان دیاری دەکەن." ***( بەندی پێنجەم، بەشی 38)***

بەم پێیە یاسا و رێسا دیاریکراوەکان، بەواتای بەستێن و هەروەها سنوورێکە لەسەر خاوەندارێتیی گشت تاکەکانی کۆمەڵگا. بەگوتەیەکی تر، لۆک دەیەوێ بڵێ کە پەیوەندییەکانی خاوەندارێتی لە کۆمەڵگای مەدەنیدا، پێویستە هەمیشە لەسەر هەندێ رەگەزی گشتی دیاری و رێکبخرێن و بەڕێوە ببرێن. ئەو رگەزە گشتییانە لە یاسای بنەڕەتیی سروشتەوە وەردەگیرێن:

1. پەیوەندییەکانی خاوەندارێتی دەبی بەشێوەیەک ریکبخرێن، کە ببنە هاندەرێکی باش بۆ (تاکەکان) لە کار و بەرهەمهێنانی شتە پێویست و زەرووریيەکاندا، بۆ بەردەوامیی ژیانی مرۆیی.
2. پەیوەندییەکانی خاوەندارێتی دەبێ بەشێوەیەک رێکبخرێن کە ئەو دەسەڵاتە بدرێت بە (خاوەنداران) کە لەدەرەوەی شوێنی کارەکەی خۆشیاندا کەشێکی هێمن و زیندوو پێکبهێنن.
3. پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان دەبێ بەشێوەیەک ریکبخرێن، کە کەسانێک کە توانایی بەڕێوەبردنی خۆیان نییە، چاوەڕوانیی یارمەتییان لە کاسانی بەتوانا هەبێت و ئەو چاوەڕوانییە بە مافی خۆیانی بزانن.

ئەگەر ئەم رەگەزانە بێنەدی، دەکرێ مافەکانی خاوەندارێتی وەک یاسایەکی پۆزێتیڤ کە دەتوانێ رەزامەندیی شارۆمەندان دەستەبەر بکات، دیاری بکرین. بەم پێیە، ئەگەر بمانەوێ لە تەوەری خاوەندارێتیدا بگەینە ئەنجامێک، دەبێ بڵێین کە مەبەستی لۆک لە باسی خاوەندارێتیدا ئەوەیە کە نیشان بدات، دەسەڵاتی دەوڵەتی بۆ رێکخستنی خاوەندارێتی و پەیوەندییەکانی، بەرتەسکە.

بەگوتەیەکی تر، دەوڵەت نابێ دەست لە هەموو چەشنەکانی خاوەندارێتی وەربدات. چونکە یاسای سروشت ئەوە دەسەلمێنێ کە هەبوونی سیستەمێکی مافەکیی خاوەندارێتی تایبەتی، پێویستە. ئەمە بەو مانایەیە کە شارۆمەندانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی، بە شێوەیەکی یاسایی مافی خاوەندارییان هەیە و هەروەها مافی گۆڕینی ئەو نەریتانەیان هەیە کە حاکمن بەسەر خاوەندارێتیدا و هەروەها خاوەندارێتیی ئەو مافەش پیویستە دەنگی زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگای لەگەڵ بێت.

بەشێکی زۆر لە زانایان و فەیلەسووفان، رەخنەیان ئاراستەی تیۆریی خاوەندارێتیی لۆک کردووە و بە تیۆرییەکی ناتەواو و ناپوختەیان زانیوە. لەراستیدا لۆک، تیۆریی خاوەندارێتی، لەنێوان باسە سەرەکییەکانی خۆی سەبارەت بە ئاخێزگە و سنوورەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، بەشێوەیەکی لاوەکی گەلاڵە کردووە و ئەو لە باسی بیچمە نوێیەکانی خاوەندارێتیی بازرگانی و تەوەری دارایی و هەروەها خاوەندارێتیی زەوییەکاندا، دەستی ئەخلاقی کورت کردۆتەوە و وەلای ناوە.

بایەخ نەدانی لۆک بە پەیوەندیدانەوەی تیۆریی تاکباوەڕانەی خاوەندارێتی لەگەڵ دۆخی تا رادەیەک ساکاری ئابووری و کۆمەلایەتییەکەی سەردەمی خۆی، بۆتە هۆی کەمایەسییەکی جیددی لە تیۆرییەکەی ئەودا. بە سەرنجدان بە پەرەسەندنی تازەگەرییە پیشەییەکان کە پتر لە جاران تایبەتمەندیی کۆمەلایەتییان دەبەخشییە پرۆسەی بەرهەمهێنانی دارایی، نارەسایی تیۆرییەکەی لۆک، زیاتر بەرجەستە دەبێت و دەردەکەوێت.